پەرلەمانی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان

برلمان كوردستان - العراق
رئاسة الديوان
مديرية شؤن البرلمان واللجان

Kurdistan Parliament – Iraq

No: / /
Date: / /2019

ژمارە: لك/١١١/
بەروار: ١٦/ ١٠/ ٢٠١٩

## بۆ/لیژنەی کاروباری یاسایی

### بابەت/ پێشنیازی یاسا

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دەقی پێشنیازی یاسای **(داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان-عێراق)** کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئاراستەتان دەکەین، بە مەبەستی دیراسەت کردن و دەربڕینی راتان لە بارەیەوە بۆ ئامادەکردن و دانانی لە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی یەکەم.

**لەگەڵ رێزدا**

**هێمن هەورامی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

وێنەیەك بۆ:
- نووسینگەی بەرێزسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەرێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەرێز سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەرێز جێگری سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان.
- بەرێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان/کاروباری لیژنەکان.

٢٠١٩/١٠/١٥ بديعه

Iraqi Kurdistan Parliament
Kurdistan – Erbil

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر

No: ١١٢٩
Date: ٢٠١٩/٩/١٧

بەروار : ١٧/ ٩/ ٢٠١٩

## بەڕێز / سەرۆکایەتی پەرلەمان

### ب/ پێشنیازی پێشنیازە یاسا

ئێمە وەك فراكسیۆنی یەكگرتووی ئیسلامی لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارانەی كە لە خوارەوە واژۆمان كردووە داوا دەكەین كە ( **پێشنیازە یاسای داواكاری گشتی لە هەرێمی كوردستان - عێراق** ) بخرێتە بەرنامەی كاری كۆبونەوەی پەرلەمان .

لەگەڵ ڕێزدا

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| ١- | شیرکو جودت مصطفى | |
| ٢- | د. اسماعیل علی طه سگرتی | |
| ٣- | ابوبکر عمر عبدالله | |
| ٤- | سەرهەنگ احمد محمود | |
| ٥- | هێزا احمد محمد | |
| ٦- | کاوە عبدالقادر [illegible] | |
| ٧- | د. کاظم فاروق [illegible] | |
| ٨- | مژدە محمود محمد | |
| ٩- | سیپان سالم ئامێدی | |
| ١٠- | سوسن محمد صدیق | |
| ١١ | گۆران عمر علی | |
| ١٢ | گولستان سعید محمد | |

١٣ - ڕەوپان أحمد ڕەحمان

١٤- بدریە اسماعیل محمود

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان

---

فەرمانی بەڕێزتان لەبارەیەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

تریفە سەبووری

١٧/٨/٢٠١٩

# پێشنیازە یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان- عێراق

## ژمارە (      ) ی ساڵی 2019

### دەروازەی یەکەم

### بەشی یەکەم

### زاراوەو پرەنسیپەکان

**یەکەم: زارەوەکان**

**ماددەی ( 1 ) :**

مەبەست لەم زاراوانەی لە خوارەوەدا هاتوون ماناکانی بەرامبەریانە:

هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.

دەسەڵاتی دادوەری: دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان- عێراق.

یاسای دەسەڵاتی دادوەری: یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە ( 23) ی ساڵی 2007 .

داواکاری گشتی : دەزگای داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان- عێراق.

ئەنجومەنی دادوەری: ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان- عێراق.

ئەنجومەنی داواکاری گشتی : ئەنجومەنی داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان- عێراق.

سەرۆك : سەرۆكی داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان- عێراق.

دادوەری داواکاری گشتی: سەرۆك و ئەندامانی داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان- عێراق.

**دووەم: پرنسیپە گشتییەکان**

**ماددەی ( 2 ) :**

1- داواکاری گشتی دەزگایەکی دادوەریە لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی دادوەری و لە کارەکانیدا سەر بەخۆیەو ئەو دەسەڵاتانە پیادە دەکات کە بە یاسا پێی راسپێردراوەو خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕییە.

2-داواكاری گشتی بودجەیەكی سەربەخۆی هەیەو دەخرێتە پاڵ بودجەی دەسەڵاتی دادوەری و دەبێتە بەشێكی بودجەی گشتی هەرێم.

3-داواكاری گشتی نوێنەرایەتی كۆمەڵگە دەكات و چاودێری مەشروعیەت دەكات.

4-دادوەرانی داواكاری گشتی لە ئەنجامدانی ئەركەكانیان سەربەخۆن و جگە لەیاسا هیچ دەسەڵاتێكیان لەسەردا نیە.

5-سەرۆك و دادوەرانی داواكاری گشتی شیاوی لەكارلابردن نین تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت كە لەیاسادا باسكراون.

6-داواكاری گشتی یەك قەوارەیەو پارچە پارچە ناكرێت، وە هەرئەندامێكی شوێنی ئەندامەكانی دیكەی دەگرێتەوە لە پیادە كردنی دەسەڵاتەكانیان، ئەویش لەسنوری دەسەڵاتی جۆریی و شوێنی هەر یەكێكیان.

7-دادوەری داواكاری گشتی بەرامبەر دەرئەنجامی كارەكانی یان هەڵسوكەوتەكانی لە بواری پیادەكردنی دەسەڵاتەكانی لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناكرێت.

## بەشی دووەم

## دەسەڵاتە گشتییەكان

**ماددەی ( 3 ) :**

داواكاری گشتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەكات:

1- پاراستنی سیستەمی هەرێم و ئاسایش و دامەزراوەكانی و مایەو بەرژەوەندییە گشتییەكان لە چوارچێوەی چاودێریكردنی مەشروعیەت و چەسپاندنی سەروەری یاسا و دروست پیادەكردنی حوكمەكانی و بەو رێگایانەی لە یاسادا بڕیاردراون.

2- رووبەروبونەوەی سەرجەم شێوەكانی گەندەڵی و پێشێلكارییە یاساییەكان و وەرگرتنی سكاڵای پەیوەست پێیانەوەو تێروانین لە تۆمارو دۆكیومێنت و بەڵگەنامە فەرمییەكان لە گشت وەزارەت و فەرمانگەو دامەزراوەكانی هەرێم، ئەوانیش پێویستە لەسەریان ئاسانكاری پێویستە بكەن بۆ هەڵسان بەم كارە.

3- پاراستنی كۆمەڵگەی كوردستانی و بەهاو كەلتورو سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی و ژینگەی هەرێم بەو ئامرازانەی لە یاسادا بڕیاریان لەسەر دراوە .

4- تانەلێدان لە نادەستووریی یاساکان لە لای دادگای تایبەتمەندەوە.

5- دەسنیشانکردنی حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمداو گرتنەبەری رێکارەکان دەربارەیانەوە بەپێی یاسا.

6- کارکردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندار بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکان و ئەنجامدەرەکانیان و رەوانەکردنیان بۆ دادگا تایبەتمەندەکان.

7- بەشداریکردن لەگەڵ دادگاکان بەمەبەستی رەچاوکردنی پابەندبوون بەسەقفی ماوە دیاریکراوەکان بۆ یەکلاکردنەوەی دەعواکان و کارکردن لەسەر خێرایی یەکلاکردنەوەیان لە رێگەی دوورکەوتنەوە لە دواخستنی دادگاییکردنەکان بەبێ پاساو بەتایبەتیش ئەو تاوانانەی پێشێلی ئاسایش و ئابوری هەرێم و سیستەم ومایەو بەرژەوەندییە گشتییەکان دەکات و گرتنەبەری رێکارەکان لەکاتی پێشێلکردنیان.

8- چاودێریکردنی مەشروعیەت و چاك پیادەکردنی یاساو پێڕەوو رێنمایی و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بڕیارو حوکم و فەرمان و رێوشوێنەکان و دەسنیشانکردنی سەرپێچی و پێشێلکارییە یاساییەکان و گرتنەبەری رێکارەکان لەکاتی پێشێلکردنیاندا.

9- هەڵسەنگاندنی یاسا بەرکارەکان و پرۆژە یاسا پێشنیارکراوەکان بۆ زانینی مەودای وەکیەکی لەگەڵ واقیعی پەرەسەندوو مەودای پێشێلکردنی مافی گشتی و مایەو بەرژەوەندییەکانی هەرێم و پێشکەشکردنی پێشنیار دەربارەیان بۆ لایەنی پەیوەندارەو پێویستە لەسەر ئەو لایەنانەی پرۆژە یاسا پێشکەش دەکەن بیروبۆچوونی داواکاری گشتی دەربارەیانەوە وەربگرن.

10- تانەلێدان لە پێڕەوو رێنمایی و فەرمان و بڕیاری پەیوەست بە بەرژەوەندی گشتی کە لە لایەن وەزارەت و فەرمانگەو دامەزراوەکانی هەرێم و دەستەو ئەنجومەن و لێژنەکانی دەردەکرێن لەبەردەم دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێمەوە.

11- پاراستنی خێزان و منداڵ و مافەکانیان و دەسنیشانکردنی حاڵەتەکانی پێشێلکردنیان و گرتنەبەری رێکارەکان بۆ رێگەگرتن لێیان.

12- پشکنینی سەرجەم شوێنەکانی گرتن و خانەکانی چاکسازی و گرتووخانەکان و چاودێریکردنی بارودۆخی حوکمدراوان و راگیراوان تیایانداو ئازادکردنی ئەوانەی بەبێ بڕیاری دادگا بەپێچەوانەی یاسا دەسبەسەرکراوان پاش رێکخستنی کۆنووسێك لەم بارەیەوەو، لێپرسینەوەکردن لەگەڵ ئەوانەی کاربەدەستن تیایاندا لە حاڵەتی پێشێلکردنی ئەرکەکانیان و رەوانەکردنیان بۆ لێکۆڵینەوە.

13- دەسنیشانکردنی پێشێلکارییە یاساییەکان لە زیادکرن و کەمکردنەوەکانی تایبەت بە مایەی گشتی و گرتنەبەری سەرجەم رێکارە یاساییەکان پێویست بۆ پاراستنیان، و پێویستە لەسەر وەزارەت و فەرمانگەکانی هەرێم لە ماوەیەك لە (5) پێنج رۆژ تێپەڕ نەکات کۆپیەك لە کۆنووسەکانی زیادکردن و کەمکردنەوە بۆ داواکاری گشتی بنێرن.

## دەروازەی دووەم

## ئەرکە سزاکاریی و مەدەنیەکانی داواکاری گشتی

### بەشی یەکەم

### جولاندنەوەی دەعوای سزاکاریی و بەدواگەڕان و کۆکردنەوەی بەڵگەو لێکۆڵینەوە تیایاندا

**ماددەی ( 4 ):**

تەنها داواکاری گشتی بەشێوەیەکی حەصری جگە لە لایەنی دیکە تایبەتمەند دەبێت بەمانەی خوارەوە:

**یەکەم**: جولاندنەوەو بەرزکردنەوەی دەعوای سزاکاری و دەسکردن پێیەوەو ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە تیایانداو مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بەپێی یاسا.

**دووەم**: نوێنەرایەتیکردنی مافی گشتی تۆمەتبارکردن لە دەعوای سزاکاریی و ئامادەبوون لەبەردەم دادگاکانداو پێشکەشکردنی بەڵگەی سەلمێنەر تیایاندا بۆ هێنانەکایەی دادپەروەری.

**سێیەم**: پیادەکردنی سەرجەم دەسەلاتەکانی پێسپێردراو بە دادوەرانی لێکۆڵینەوە کە لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکانی هەموارکراوی ژمارە 23ی ساڵی 1971دا و یاساکانی دیکەدا هاتوون.

**چوارەم**: چاودێری و سەرپەرشتیکردنی لێکۆڵەرەکان و کارەکانی ئەندامانی بەرزەفتەکردنی دادگەریی لە کاتی هەڵسانیان بە رێکارو بەدواگەڕان لە تاوانەکان و فەرمان پێکردنیان و لێپرسینەوەکردن لەگەڵیاندا لە حاڵەتی پێشێلکردنی ئەرکەکانیان لە هەردوو لایەنی بەرزەفتەیی و سزاکارییەوە.

**پێنجەم**: پێدانی زانیاری دەربارەی کێسەکانی لێکۆڵینەوەو بڕیارو حوکمە دادگەرییەکان و بلاوکردنەوەی دۆکیومێنتەکان بۆ دەزگاکانی راگەیاندن بەپێی حوکمەکانی یاساکان بەو شێوەیەی نهێنی و رێڕەوی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردن پێشێل ناکات.

**ماددەی ( 5 ):**

**یەکەم**: بڕیارەکانی دادوەری داواکاری گشتی تایبەتمەند بە لێکۆڵینەوە شیاوی تانەلێدان دەبن لەبەردەم دادگای تاوانکاریی بەسیفەتی تەمییزی لەلایەن کەسانی پەیوەندارەوە لە ماوەی سی رۆژ لە رێکەوتی دەرکردنیان.

**دووەم**: پێویستە لەسەر دادوەری داواکاری گشتی تایبەتمەند بە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان بڕیارەکانی خۆی تایبەت بە داخستنی لێکۆڵینەوە یان ئازادکردنی تۆمەتباران لە دەعواکانی کەتن و تاوانکاری پەیوەست بە مافی گشتی بخاتە بەردەم دەستەیەك یان زیاتر کە لە دادوەرانی داواکاری گشتی، کە بەلای کەم، لە پۆلینکراوی سێیەم بن لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ناوچەی تێهەڵچوونەوە پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی سەرۆکی فەرمانگە یان ئەوەی جێگەی دەگرێتەوە لە ماوەیەك لە پێنج رۆژ لە دوای بەسەرچوونی ماوەی ئاماژە بۆکراو لە برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە تێپەڕ نەکات، و پێویستە لەسەر دەستەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە بڕیاری خۆی بدات:

1- پەسەندکردنی بڕیاری داخستن یان ئازادکردن ئەگەر بەپێی یاسا بێت.

2- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری داخستن یان ئازادکردن ئەگەر پێچەوانەی یاسا بێت لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆیەکان و داواکردنی ئەنجامدانی ڕێکاری دیکە.

**ماددەی ( 6 ):**

**یەکەم:** پێویستە لەسەر ئەندامانی بەرزەفتەکردنی دادگەریی و لایەنە جێبەجێکارەکان دەسبەجێ و لەکاتی پێزانینی تاوانکاریی و کەتن هەواڵ بدەنە داواکاری گشتی دەربارەیانەوەو، پێویستە لەسەر گشت وەزارەت و فەرمانگەو دامەزراوو دەستە سەربەخۆکان و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان دەسبەجێ لە حاڵەتی ڕوودانی هەر تاوانێکارییەك یان کەتنێکی پەیوەست بەمافی گشتی هەواڵ بدەنە داواکاری گشتی و کۆنووس و دەرخستەو بەڵگەنامەکانی پەیوەست پێیانەوە ڕادەست بکەن بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵیاندا بەپێی یاسا.

**دووەم:** دادوەری داواکاری گشتی تایبەتمەند بۆی هەیە ڕێکاری سزاکاریی و بەرزەفتەیی بگرێتەبەر دەرهەق ئەندامانی بەرزەفتەکردنی دادگەریی لە حاڵەتی پێشێلکردنی ئەرکەکانیان.

## بەشی دووەم

## دادگایکردن و تانەلێدان لە حوکمەکان

**ماددەی ( 8 ):**

**یەکەم:** پێویستە لەسەر داواکاری گشتی لە دانیشتنەکانی دادگا سزاکارییەکان ئامادەبێت و مافی هەیە گفتوگۆ بکات لەگەڵ گەواهیدەرو شارەزاو پرساندنی تۆمەتباران و ڕاستەوخۆ ئاراستەکردنی پرسیار بۆیان، و بۆی هەیە داواکاری بەناردنی شارەزا یان گۆڕینیان یان گوێبیستن بۆ هەر بەڵگەیەکی دیکە یان گرتنەبەری هەر ڕێکارێك کەوا یاسا ڕێگەی داوە پێشکەش بکات، و بۆی هەیە داوای دەرکردنی بڕیار بکات بەئازادکردن یان ئیدانەکردن، یان تاوانبارکردن یان بێ تاوانکردن یان بێ بەرپرسێتی کردن یان هەڵوەشاندنەوەی تۆمەت یان ئازادکردن یان سەپاندنی ڕێوشوێن و داواکاری دیکە بەپێی حوکمەکانی یاسا.

**دووەم:** دانیشتنەکانی دادگا سزاکاریی و دادگاکانی نەوجەوانان بەبێ ئامادەبوونی دادوەری داواکاری گشتی تایبەتمەند گرێ نادرێت ئەو ڕێکارو بڕیارو حوکمانەی بەبێ ئامادەبوونی ئەودا دەرکراون بەپووچەڵ دادەندرێن.

**سێیەم:** پێویستە لەسەر دادگاکانی تێهەڵچوونەوەو تاوانکاریی و نەوجەوانان بەسیفەتی تەمییزی و دادگای گومرگیی بەسیفەتی نارەزایی دەربڕین، ئەو تانانەی پێشکەشیان کراون بیخەنە بەردەم دادوەری داواکاری گشتی لەو دادگا ناوبراوانەدا بۆ دەربڕینی بیروڕای دەربارەیانەوەو پێویستە لەسەر ئەو دادگا باسکراوانە لە ماوەی سێ ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرکردنی کۆپییەك لە بڕیارەکەیان پێشکەشی بکەن.

**چوارەم**: پێویستە لەسەر دادگا تاوانکارییەکان بەر لە کاتی دادگاییکردن بەماوەیەك لە سێ ڕۆژ کەمتر نەبێت لە دەعواکانی کەتن و لە ماوەیەك لە پێنج ڕۆژ کەمتر نەبێت لە دەعواکانی تاوانکارییدا بانگهێشتی دادوەری داواکاری گشتی تایبەتمەند بکەن.

**پێنجەم**: پێویستە لەسەر دادگاکانی تاوانکاریی، دادوەری داواکاری گشتی تایبەتمەند ئاگادار بکەنەوە لەو بڕیارانەی جگە لە دادگایکردن دەری دەکەن، لەوەی پەیوەستە بەگرتن و ڕاگرتن و بەردان بەکەفالەت یان بەبێ کەفالەت لە ماوەیەك لە سێ ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرکردنی تێپەڕ نەکات.

**ماددەی (9):**

پێویستە لەسەر داواکاری گشتی بەمانەی خوارەوە هەڵبستێت:

**یەکەم**: ئامادەبوون لەبەردەم دادگاکانی کارو دادگاکانی باری مەدەنی و دادگا کارگێڕییەکان و لیژنەی کاروباری دادوەران و لیژنەی کاروباری دادوەرانی داواکاری گشتی بۆ چاودێریکردنی مەشروعیەتی ڕێکارەکانیان.

**دووەم**: سەرپەرشتی و چاودێریکردنی کارەکانی دەستەی بەرزەفتەکردنی هەرێم و لیژنەکانی بەرزەفتەکردن و لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕی، و دەستەی گومرگ و بەڕێوەبەرایەتیەکانی و لیژنەکانی ووردبینیکردنی باجی دەرامەت، و هەر دەستەیەك یان لیژنەیەك یان ئەنجومەنێکی خاوەن مۆرکی لێکۆڵینەوەیی یان دادگەریی یان سزاکاریی یان بەرزەفتەکاریی بۆ چاودێریکردنی مەشروعیەتی و پاراستنی مافی گشتی و مایەکانی هەرێم و بەرژەوەندییەکانی.

**سێیەم**: دانیشتنەکانی ئەو لایەنانەی لە بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە ئاماژەیان بۆکراوە، بەبێ ئامادەبوونی دادوەری داواکاری گشتی تایبەتمەند، دروستی گرێدانیان لەدەست دەدەن و ئەو ڕێکارانەی لە لایەن لایەنە باسکراوەکان گیراونەتەبەرو بڕیارو حوکمی دەرکراو لەم لایەنانە بەحوکمی یاسا بە پووچەڵ دادەندرێن.

**چوارەم**: پێویستە لەسەر ئەو لایەنانەی لە بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە ئاماژەیان بۆکراوە بەر لە بەستنی دانیشتنەکانی بە حەوت ڕۆژ ئاگاداری داواکاری گشتی بکاتەوە.

**پێنجەم**: داواکاری گشتی بۆی هەیە تانە بدات لەو ڕێکارو بڕیارو حوکمانەی لەو لایەنانە دەرکراون کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان بۆکراوە بەپێی حوکمەکانی یاساکان و بۆی هەیە تانە بە تەمییزی لەو ڕێکارو بڕیارو فەرمانانە بدات کە لەم لایەنانەی لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان بۆکراوە لە لای دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێمەوە لە ماوەی 30 ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنیەوە.

**ماددەی (10):**

پێویستە لەسەر فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییەکانی جێبەجێکردن و فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێریکردنی ناکامان و تێبینەرایەتییەکانیان، بڕیارەکانیان دەربارەی جێبەجێکردنی حوکم و بڕیاری پەیوەست بە مافی و گشتی و مایەکانی هەرێم و

بەرژەوەندییەکانی و خێزان و منداڵ و کێسی پەیوەست بە ناکام و شوێن بزرو نادیارو دەسبەسەرکراوان و کۆرپەلە بۆ دادوەری داواکاری گشتی تایبەتمەند بنێرن بۆ چاودێریکردنی مەشروعیەتی و ڕێگەکانی تانەلێدان دەربارەیانەوە بگرێتەبەر.

**ماددەی (11):**

**یەکەم**: پێویستە لەسەر داواکاری گشتی لەبەردەم دادگاکانی باری کەسێتی ئامادەبێت لەو دەعوایانەی پەیوەستن بە ناکام و نالێهاتەو کەملێهاتەو حجر لەسەرکراوەکان و نادیارو شوێن بزربووان و دەعواکانی تەلاق و لێکجیاکردنەوەو مۆڵەتدان بە فرەژنی و جێهێشتنی خێزان و داینگەو ڕەچەلەك و نەفەقەو پەرتەوازەکردنی منداڵان، و هەر دەعوایەکی دیکە کەوا داواکاری گشتی بە پێویستی دەزانێت بۆ پاراستنی خێزان و منداڵ تەدەخولی تیادا بکات و بیروبۆچوونی خۆی دەربارەیەوە بخاتەڕوو ڕێگەکانی تانەلێدان لەو بڕیارو حوکمانەی تیایدا دەردەکرێن بگرێتەبەرو بەدواداچوونیان بۆ بکات.

**دووەم**: داواکاری گشتی بۆی هەیە دەعوای مەدەنی لەبەردەم دادگاکانی باری کەسێتی و دادگاکانی مەوادی کەسێتی بەرزبکاتەوەو بەدواداچوونی بۆ بکات لەوەی پەیوەستە بە سیستەمی گشتی و پووچەڵ کردنەوەی بەڵگەنامەو مۆڵەتەکانی سەرپێچیکار بۆ سیستەمی گشتی و پەیوەست بە باری کەسێتی ناکام و نالێهاتەو کەملێهاتەو نادیارو شوێن بزربووان و حجر لەسەرکراوان و کۆرپەلەو ڕێگەکانی تانەلێدان دەربارەیانەوە بگرێتەبەر.

**ماددەی (12):**

**یەکەم**: داواکاری گشتی بۆی هەیە لەوەی پەیوەستە بە مایەکانی هەرێم و بەرژەوەندییەکانی و چاك جێبەجێکردنی پرۆژە گشتییەکان و بەرژەوەندی ناکامان و نالێهاتەوو حجر لەسەرکراوان و نادیارو شوێن بزربووان و کۆرپەلە، دەعوای مەدەنی بەرز بکاتەوە.

**دووەم**: پێویستە لەسەر گشت وەزارەت و فەرمانگەو دامەزراوەکانی هەرێم دادوەری داواکاری گشتی تایبەتمەند لەو دەعوایانەی بەرزیان دەکاتەوە یان لەسەریان بەرزکراوەتەوە ئاگاردار بکاتەوەو کۆپیەك لە عەریزەی دەعواو پێداویستیەکانی بداتە دادوەری داواکاری گشتی تایبەتمەندەوە.

**سێیەم**: پێویستە لەسەر داواکاری گشتی ئامادەبێت لە دانیشتنەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە لە کاتی بەستنی بەسیفەتی ڕەسەن بۆ تێڕوانین لەو دەعوایانەی هەرێم لایەنە تیایاندا.

**چوارەم**: پێویستە لەسەر داواکاری گشتی ئامادەبێت لەو دەعوایانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئاماژەیان بۆکراوە بۆ خستنەڕووی بیروبۆچوون و خوێندنەوەکانی دەربارەیانەوەو گرتنەبەری ڕێگەکانی تانەلێدان تیایاندا بە تێهەڵچوونەوەشەوە.

**ماددەی ( 13 ):**

**یەکەم**: دانیشتنەکانی دادگا مەدەنییەکان لەو دەعوایانەی لە هەردوو ماددەی پێشوو (11 و 12)ی ئەم یاسایە روون کراونەتەوە بەبێ ئامادەبوونی دادوەری داواکاری گشتی بەگرێدراو دانادرێن و ئەو رێکارو حوکمانەی تیایدا گیراونەتەبەر بەبێ ئامادەنەبوونی ئەوا بەپووچەڵ دادەندرێن بەهۆی بانگهێشت نەکردنی بۆ ئامادەبوون.

**دووەم**: پێویستە لەسەر دادگای تایبەتمەند هەواڵ بداتە داواکاری گشتی بەو دەعوایانەی لە هەردوو ماددەی (11 و 12)ی روون کراونەتەوە، بەلای کەم، بەماوەی سێ رۆژ بەر لە تێروانینیان و وێنەیەك لە عەریزەو بەڵگەنامەکانی بداتە داواکاری گشتی و کۆپیەك لە بڕیارو حوکمەکانی لە ماوەی سێ رۆژ لە رێکەوتی دەرکردنیان بداتە داواکاری گشتییەوە.

**سێیەم**: داواکاری گشتی لە دانی هەر رسوماتێك بەهۆی ئەو دەعوایانەی بەرزی دەکاتەوە یان تەداخولیان دەکات یان ئەو تانانەی پێشکەشیان دەکات دەبوردرێت.

**ماددەی ( 14 ):**

داواکاری گشتی دەسەڵاتەکانی پیادە دەکات بەپێشکەش کردنی داواکاری و خستنەڕووی بیروبۆچوون لە کێسەکانی بەڵێندان بە پاراستنی ئاشتی و چاك رەفتاریی و دووبارەکردنەوەی دادگایکردن، و نوێنەرایەتیکردنی دادگەریی و ئازادکردنی مەرجدار، و رادەستکردنی تاوانباران بەپێی حوکمەکانی یاساوە.

**ماددەی ( 15 ):**

**یەکەم**: دادگای تاوانکاری ئەو دەعوایانەی لە لای ئەوەوە یەکلاکراونەتەوە لەو تاوانانەی لە رووی یاساوە بە (لەسێدارەدان یان زیندانیکردنی هەتاهەتایی) سزادراون راستەوخۆ دەنێرێتە سەرۆکایەتی داواکاری گشتییەوە بۆ ئەنجامدانی ووردبینیەکانی لەسەر حوکمەکان و خستنەڕووی بیروبۆچوون و داواکارییە یاساییەکانی دەربارەیانەوە لە ماوەی سی رۆژ لە رێکەوتی وەرگرتنیان.

**دووەم**: دادگای نەوجەوانان ئەو دەعوایە تاوانکارییانەی لە لای ئەوەوە یەکلاکراونەتەوە راستەوخۆ دەنێرێتە سەرۆکایەتی داواکاری گشتییەوە بۆ ئەنجامدانی ووردبینیەکانی لەسەر ئەو حوکمانەی دەربارەیانەوە دەرکراون بۆ دەرخستنی بیروبۆچوون و داواکارییە یاساییەکانی دەربارەیانەوە لە ماوەی سی رۆژ لە رێکەوتی وەرگرتنیان.

**ماددەی ( 16 ):**

ماوەی تانەلێدان و ماوەی داواکردنی راستکردنەوەی بڕیاری تەمییزی بەنیسبەت داواکاری گشتییەوە، لە رێکەوتی ئەو رۆژەی دەکەوێتە دوای رێکەوتی پێراگەیاندنی بەم حوکم و بڕیارو رێوشوێنانە، پیادە دەکرێت.

## بەشی سێیەم

## جێبەجێکردنی حوکمەکان

**ماددەی ( 17 ):**

**یەکەم**: پێویستە لەسەر دادگا کۆپیەك لە بڕیاری سزادان یان ڕێوشوێن لەگەڵ یاداشتنامەی زیندانیکردن یان ڕاگرتن لەکاتی دەرکردنیدا بداتە فەرمانگەکانی داواکاری گشتیی چاودێریکردنی چاکسازی گەوران و فەرمانگەکانی داواکاری گشتیی چاودێریکردنی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان و هەروەها ڕاگیرخانەو تەسفیراتەکان.

**دووەم**: پێویستە لەسەر داواکاری گشتی چاودێریکردن و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی حوکم و بڕیارو ڕێوشوێنی باسکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بکات، و بۆی هەیە ڕێکاری بەرزەفتەیی و سزاکاریی دەرهەق بەو کەسانەی کاربەدەستن لە جێبەجێکردنیاندا لە حاڵەتی پێشێلکردنی ئەرکەکانیان بگرێتەبەر.

**سێیەم**: دەکرێت ئەو غەرامەیەی حوکمی پێدراوە یان بەشێکی ڕێژەیی تیایدا بدرێتە فەرمانگەکانی داواکاری گشتی باسکراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، ئەوکاتەش دەسبەجێ ئەوەی حوکمی لەسەر دراوە ئازاد دەکرێت.

**ماددەی ( 18 ):**

پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی چاکسازی گەوران و ئافرەتان و نەوجەوانان بەمانەی خوارەوە هەڵبستن:

**یەکەم**: ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەی داواکاری گشتی تایبەتمەند لەکاتی کۆتایی هاتنی جێبەجێکردنی سزاو ڕێوشوێنەکان دەرهەق بەکەسی حوکم لەسەردراوەوە، هەروەها بە حەوت ڕۆژ بەر لە جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان.

**دووەم**: ئەگەر دەرچوو ئەوەی بە لەسێدارەدان حوکم دراوە سکپڕە ئەوا پێویستە لەسەر فەرمانگەی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان، لە کاتی هاتنی فەرمانی جێبەجێکردنی حوکمەکە، فەرمانگەی داواکاری گشتیی چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتان لەم بارەیەوە ئاگادار بکاتەوە بۆ بەرزکردنەوە داواکاری بۆ سەرۆکی داواکاری گشتی لە هەرێمدا، وە پێویستە لەسەر سەرۆکی داواکاری گشتی بۆ سەرۆکی هەرێم بەرزی بکاتەوە هاوپێچ لەگەڵ بیروبۆچوون و داواکارییەکانی لەگەڵ هۆی دواخستنی جێبەجێکردنی حوکمەکە یان گۆڕینەوەی بەپێی یاسا.

**ماددەی ( 19 ):**

دادوەری داواکاری گشتی لە فەرمانگەکانی داواکاری گشتیی چاودێریکردنی چاکسازی گەوران ئافرەتان و نەوجەوانان و ڕاگیرخانەو تەسفیراتەکان، ئەم ئەرکانەی خوارەوە پیادە دەکەن:

1- چاودێریکردنی مەودای پابەندبوونی فەرمانگەکانی چاکسازی گەوران و ئافرەتان و نەوجەوانان و ڕاگیرخانەکان و خانەکانی تێبینیکردن و کارمەندانیان بەیاساو پێڕەوەکانی تایبەت بەخۆیان و تێڕوانین لە تۆماری حوکمدراوو ڕاگیراوەکان و وەرگرتنی سکاڵاکانیان و بەدواداچوونیان.

2- ئازادكردنی ئەوانەی بەبێ بڕیاری دادگەریی وبەپێچەوانەی یاساوە لە فەرمانگەكانی چاكسازی گەوران و ئافرەتان و نەوجەوانان و راگیرخانەكان و تەسفیراتەكان دەسبەسەركراون پاش رێكخستنی كۆنووسێك لەم بارەیەوەو لێپرسینەوە كردن لەگەڵ ئەوانەی كاربەدەستن تیایاندا لە حاڵەتی پێشێلكردنی ئەركەكانیان و رەوانەكردن بۆ لێكۆڵینەوە.

3- چاودێریكردنی دەستەی جێبەجێكردنی حوكمی لەسێدارەدان و مەودای پابەندبوونیان بەیاساو پێڕەوەكان لەكاتی جێبەجێكردنیدا.

4- دەرخستنی بیروبۆچوون دەربارەی داواكارییەكانی ئازادكردنی مەرجدارو چاودێریكردنی دروستی هەڵسانی كەسی ئازادكراو بەمەرج بەجێبەجێكردنی ئەو مەرج و پابەندییانەی دادگا لەسەری سەپاندووە، و هەواڵ پێدانی دەربارەی گشت ئەو شتانەی وەك پێشێلكارییەك بۆ ئەم مەرجانە ئەنجامیان دەدات پاڵپشت بە راپۆرتی فەرمانگەكانی چاكسازی و بۆی هەیە پشت ببەستێت بە رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، و ئەندامانی بەرزەفتەكردنی دادگەریی بۆ هێنانەكایەیانەوە.

5- پێڕاگەیاندنی دادگا بەو زانیارییانەی دەستی كەوتوون لە رێگەی چاودێریكردنی كەسانی ئازادكراو بەمەرج بۆ دووبارە تێڕوانین لە بڕیاری ئازادكردنی مەرجدار هەمووی یان بەشێكی، یان دواخستنی ئەوەی بڕیاری داوە جێبەجێی بكات، یان جێبەجێكردنی ئەوەی بڕیاری داوە دوای بخات لە سزای رەسەن و فەرعی.

**ماددەی ( 20 ):**

پێویستە لەسەر دادگای تایبەتمەند بەر لە تێڕوانین لە داواكارییەكانی لێبوردنی تاوانلێكراوو داواكارییەكانی ئازادكردنی مەرجداری پێشكەشكراو بۆی، داوای بیروڕای دادوەری داواكاری گشتی لە فەرمانگەی داواكاری گشتی تایبەتمەندەوە بكات، وە پێویستە لەسەر دادگا كۆپیەك لە بڕیارەكە لە ماوەی سێ رۆژ لە رێكەوتی دەركردنی بڕیارەكەی بداتە دادوەری داواكاری گشتییەوە.

## دەروازەی سێیەم

## پێكهاتەكانی داواكاری گشتی

## بەشی یەكەم

## ئەنجومەنی داواكاری گشتی و پۆستەكانی داواكاری گشتی

**ماددەی ( 21 ):**

**یەكەم**: داواكاری گشتی پێكدێت لە:

1- ئەنجومەنی داواكاری گشتی.

2- سەرۆكی داواكاری گشتی.

3- جێگرانی سەرۆكی داواكاری گشتی كە نابێت ژمارەیان لە سێ جێگر زیاتر بێت.

4- داواکارێکی گشتی تەمییزی یان زیاتر لەبەردەم دادگای تەمییزدا.

5- دەستە پسپۆڕەکان لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتییدا.

6- پێکهاتە کارگێرییەکان لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتییدا کە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

أ- نووسینگەکانی سەرۆکی داواکاری گشتی و جێگرەکانی.

ب- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

ت- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی راگەیاندن.

پ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێڕی.

جـ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی.

حـ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری خۆیەتی.

خـ- بەڕێوەبەرایەتی ووردبینیکردن.

د- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون و ئامار.

ژ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دادوەرانی داواکاری گشتی.

ر- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری خانەنشینکردنی دادوەرانی داواکاری گشتی.

6- فەرمانگەکانی داواکاری گشتیی چاودێریکردنی چاکسازی گەوران و ئافرەتان و نەوجەوانان و راگیرخانەکان و تەسفیراتەکان.

7- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لە ناوچەکانی تێهەڵچوونەوە لە هەرێمدا (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، گەرمیان) وە پێکدێت لە:

أ- سەرۆکی داواکاری گشتی ناوچەی تێهەڵچوونەوە.

ب- جێگرانی سەرۆکی داواکاری گشتی ناوچەی تێهەڵچوونەوەو نابێت ژمارەیان لە سێ جێگر زیاتر بێت.

ت- داواكاری گشتیی تێهەڵچوونەوە لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەدا.

پ- دادوەرانی داواكاری گشتی لە هەر یەك لە دادگاكانی تاوانكاریی و كەتن و نەوجەوانان و دادگا مەدەنی و سزاكاریی و كارگێڕییەكانی دیكە یان هەر دەستەیەكی دادگەریی.

ج- فەرمانگەكانی لێكۆڵینەوە.

ح- فەرمانگەكانی لێكۆڵینەوەی تایبەتمەند.

خ- فەرمانگەكانی داواكاری گشتی لە قەزاو ناحیەكان.

د- ئەو بەڕێوەبەرایەتییە كارگێڕییانەی لە بڕگەی (6)ی سەرەوەدا باسكراون و بەپێی پێویستیەوە.

**دووەم**: ئەو نووسینگەو دەستەو بەڕێوەبەرایەتییانەی لە بڕگەی (1، 4، 5)ی ئەم ماددەیە باسكراون هەر یەكەو لە لایەن فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری هەڵگر بۆ بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی بەڕێوە دەبرێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەدەری دەكەن.

**سێیەم**: بارەگای سەرۆكایەتی داواكاری گشتی لە پایتەختی هەرێمەوە دەبێت، و دەسەڵاتەكانی سەرتاپای هەرێم دەگرێتەوە.

**ماددەی ( 22 ):**

ئەنجومەنی داواكاری گشتی بۆی هەیە بەپێی پێویستی دەستەو سەرۆكایەتی و نووسینگەو فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتی دیكە بهێنێتەكایەوە یان لێكیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە لە ڕێگەی بەیانێك كە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەكرێتەوە.

## بەشی دووەم

## ئەنجومەنی داواكاری گشتی پێكهاتەو دەسەڵاتەكانی

**ماددەی ( 23 ):**

**یەكەم**: پێكهێنانی ئەنجومەنی داواكاری گشتی:

1- ئەنجومەنی داواكاری گشتی بەم شێوەیەی خوارەوە پێكدەهێنرێت:

أ- سەرۆكی داواكاری گشتی وەك سەرۆك.

ب- جێگرانی سەرۆكی داواكاری گشتی وەك ئەندام.

ت- پێشكەوتووترین داواكاری گشتی تەمییزی وەك ئەندام.

پ- سەرۆکەکانی داواکاری گشتی بۆ ناوچەکانی تێهەڵچوونەوە لە هەرێمدا وەك ئەندام.

جـ- نوێنەرێك لە فەرمانگەکانی داواکاری گشتیی چاودێریکردنی چاکسازی گەوران لە هەرێمدا وەك ئەندام.

د- نوێنەرێك لە فەرمانگەکانی داواکاری گشتیی چاودێریکردنی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان لە هەرێمدا وەك ئەندام.

2- سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێم سەرۆکایەتی کردنی دانیشتنەکانی ئەنجومەن لە ئەستۆ دەگرێت و لە حاڵەتی ئامادەنەبوونیدا ئەوا پێشکەوتووترین جێگرەکانی سەرۆکایەتی دەکەن.

3- ئەنجومەن گرێنادرێت تەنها بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی نەبێت، وە ئەگەر ئەم ژمارە یاساییە نەبێت ئەوا لە ماوەی دوو هەفتەدا بانگهێشت کردنەکە دووبارە دەکرێتەوە، و ئەو کاتەش گرێدانی ئەنجومەن دروست دەبێت ئەگەر زۆرینەی ئەندامەکانی ئامادەی بن.

4- گشت گفتوگۆکانی ناو ئەنجومەن نهێنی دەبێت و بڕیارەکانی بە زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەکات و لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پێشدەخرێت کە سەرۆك لەگەڵیدایە.

5- ئەنجومەن مانگانە یان لەسەر بانگهێشتکردنی سەرۆکی داواکاری گشتی یان پێشکەوتووترین جێگرەکانی لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی یان لەسەر داوای دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی کۆبوونەوەکانی خۆی گرێ دەدات.

6- ئەنجومەن بۆی هەیە هەندێك دەسەڵاتە رێکخستنەکیەکانی بە سەرۆکی داواکاری گشتی رابسپێرێت.

7- ئەنجومەن سکرتاریەتەکی تایبەتی دەبێت و نووسینەوەی کۆنووس و بانگهێشتکردن بۆ کۆبوونەوەکان و پێڕاگەیاندنی لایەنە تایبەتمەندە بە بڕیارەکانی لەئەستۆ دەگرێت.

8- بڕیارەکانی ئەنجومەن شیاوی تانەلێدان دەبن لەلایەن کەسانی پەیوەندارەوە لە لای دادگای کارگێری لە ماوەی سی رۆژ لە رێکەوتی پێڕاگەیاندنیان.

**دووەم**: دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی داواکاری گشتی:

**ماددەی ( 24 ):**

ئەنجومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

1- ئامادەکردنی پلان بۆ پەرەپێدانی دەزگای داواکاری گشتی و گفتوگۆکردن و بڕیاردانی و هێنانەکایەی فەرمانگەو دیاریکردنی میلاکات تیایاندا.

2- ئامادەکردنی بودجەی دەزگای داواکاری گشتی و گفتوگۆکردن و پێشکەشکردنی بۆ سەرۆکی پەرلەمان لە رێگەی سەرۆکی دەسەڵاتی دادگەرییەوە.

3- ئامادەکردنی پرۆژە یاسای پەیوەست بە مافی گشتی و مایەی گشتی و هەڵسەنگاندنی یاسا بەرکارەکان و پێشکەشکردنی بۆ لایەنە تایبەتمەندەکان.

4- سەیرکردنی داواکارییەکانی دامەزراندنی دادوەرانی داواکاری گشتی پێشکەش کردنیان بۆ سەرۆکی دەسەڵاتی دادگەریی بۆ پەسەندکردنیان و بەرزکردنەوەیان بۆ سەرۆکی هەرێم بۆ دەرکردنی مەرسومی هەرێمیی بە دامەزراندنیان.

5- تێڕوانین لە داواکارییەکانی گواستنەوەو ناردن و بەرزکردنەوەو پلەبەرزکردنەوەو خۆتەرخان کردن و خانەنشین کردن و دەسلەکارکێشانەوەی دادوەرانی داواکاری گشتی و لێپرسینەوەکردن لەگەڵیاندا، و گشت ئەو شتانەی پەیوەستن بە ماف و ئیمتیازاتەکانیان لەبەر رۆشنایی حوکمەکانی یاسادا.

6- دامەزراندنی سەرۆکی داواکاری گشتی لە ناوچەی تێهەڵچوونەوەو جێگرەکانی لە نێوان دادوەرانی داواکاری گشتی، کە بەلای کەم، لە پۆلینکراوی سێیەم بن لە پۆلینکراوەکانی داواکاری گشتی، لە دوای دەسنیشانکردنیان لە لایەن دادوەرانی داواکاری گشتی لە ناوچەی تێهەڵچوونەوە بەپێی یاسا.

7- کاندیدکردنی دادوەرانی داواکاری گشتی بۆ کارکردن لە سەرۆکایەتی سەرپەرشتیاری دادگەریی و ناردنی داواکارییەکانیان بۆ سەرۆکی دەسەڵاتی دادگەریی بۆ بڕیاردانی بەگوێرەی پێشکەوتوویی و کارامەییەوە.

8- دامەزراندنی داواکارانی گشتی تەمییزی بەو مەرجەی لە پۆلینکراوی یەکەم یان دووەم بن لە نێوان پۆلینکراوەکانی داواکاری گشتی و بەگوێرەی پێشکەوتوویی و کارامەیی و پاڵپشت بە کاندیدکردنیان لە لایەن سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێمەوە.

9- تێڕوانین لە داواکارییەکانی گواستنەوەی پێشکەشکراو لە لایەن دادوەرانی داواکاری گشتی بۆ کارکردن وەك دادوەر لە دادگاو دەستە دادگەرییەکانی دیکەو هەروەها ئەو داواکاریانەی لە لایەن دادوەرانەوە پێشکەشکراون بۆ کارکردن لە دەستەو فەرمانگەکانی سەر بە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لەدوای رەزامەندی مەرجەعەکانیان.

10- دەسنیشانکردنی دادوەرانی داواکاری گشتی، بەلای کەم لە پۆلینکراوی سێیەم، بۆ سەرپەرشتیکردنی فەرمانگەکانی داواکاری گشتیی چاودێریکردنی چاکسازی گەوران و فەرمانگەکانی داواکاری گشتیی چاودێریکردنی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان پاڵپشت بە کاندیدکردنیان لە لایەن سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێمەوە.

11- دەرکردنی پێڕەوی ناوخۆ بۆ رێکخستنی کارەکانی ئەنجومەنی داواکاری گشتی.

12- دەرکردنی رێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**سێیەم**: سەرپەرشتیکردن و پرسەکانی بەرزەفتەکردن:

**ماددەی ( 25 ):**

1- سەرۆکی داواکاری گشتی مافی سەرپەرشتیکردنی دادوەرانی داواکاری گشتی لە هەرێمدا هەیە راستەوخۆ یان لە رێگەی دادوەرانی داواکاری گشتی نێردراو بۆ سەرۆکایەتی سەرپەرشتیکردنی دادگەریی بەبێ دەسخستنەناو کاروبارە دادگەرییەکانیان.

2- سەرۆکی داواکاری گشتی هەڵدەستێت بە ئاگادارکردنەوەی دادوەرانی داواکاری گشتی لەو هەڵە کارگێڕیی و یاساییانەی لەکارەکانیاندا سەرهەڵدەدات و لەو سەرپێچیانەی لە ئەرکەکانی وەزیفەکانیان ئەنجامی دەدەن یان لەو هەڵە یاساییانەی لەکاتی ووردبینیکردنی تەمییزیدا بەدەردەکەوێت.

3- لێژنەیەك بەناوی لێژنەی کاروباری ئەندامانی داواکاری گشتی لە سێ ئەندام کەوا ئەنجومەنی داواکاری گشتی لە نێوان ئەندامەکانی دەسنیشانیان دەکات بە سەرۆکایەتی یەکێك لە جێگرانی سەرۆکی داواکاری گشتی لە سەرەتای هەرساڵێکدا پێکدەهێنرێت بۆ تێڕوانین لە پرسەکانی بەرزەفتەکردنی دادوەرانی داواکاری گشتی و لێژنەکە هەڵدەستێت بە پیادەکردنی رێکارو حوکمەکانی هاتوو لە یاسای دەسەڵاتی دادگەریی ژمارە 23ی ساڵی 2007 یان هەر یاسایەکی دیکە کەوا جێگەی دەگرێتەوە.

4- دەعوای بەرزەفتەکاری لەسەر دادوەری داواکاری گشتی لە لایەن سەرۆکی داواکاری گشتی لە هەرێمدا بەرز دەکرێتەوە لەسەر داوای سەرۆکی داواکاری گشتی ناوچەی تێهەڵچوونەوە بۆ رەوانەکردنی بۆ لێژنەی کاروباری دادوەرانی داواکاری گشتی بەو مەرجەی بڕیارەکە روونکردنەوەی ئەو واقیعەیەی خراوەتەپاڵی و ئەو بەڵگانەی پشتگیری دەکەن لەخۆ بگرێت و بڕیارەکە بە دادوەری داواکاری گشتی و ئەنجومەنی داواکاری گشتییەوە رادەگەیندرێت.

5- سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێم و ئەو دادوەرەی داواکاری گشتی کەوا بڕیارەکە دژی دەرچووە مافی هەیە تانەبدات لە بڕیاری لێژنەی کاروباری دادوەرانی داواکاری گشتی لەبەردەم دەستەی گشتی دادگای تەمییزدا لەماوەی 30 سی رۆژ لە رێکەوتی پێراگەیاندنی بە بڕیارەکە.

## بەشی سێیەم

## دەسەڵاتەکانی سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێم و جێگرەکانی و دادوەرانی داواکاری گشتی

**یەکەم: دەسەڵاتەکانی سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێم:**

**ماددەی ( 26 ):**

سەرۆکی داواکاری گشتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

1- چاودێری و سەرپەرشتیکردنی کارگێڕی راستەوخۆ لەسەر دەزگای داواکاری گشتی و دادوەرانی داواکاری گشتی لە هەرێمداو ئەوانەی فەرمانبەرن تیایاندا، و بۆی هەیە گشتاندن و رێنوێنی تایبەت بە رێکخستنی کارو چاك ئەنجامدانی دەزگا بۆ کارەکانی دەربکات، بەبێ دەستێوەردان لە ئەرکە دادگەرییەکان.

2- ئەو دەسەلاتانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایەو یاساکانی دیکە پێی راسپێردراوە.

3- ئامادەبوون بەخۆی یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی دادگەریدا.

4- ئاگادارکردنەوەی لایەن و فەرمانگەو دامەزراوە فەرمی و نیمچە فەرمییەکان و دەستەو ئەنجومەنەکان بۆ هەر پێشێلکردن و سەرپێچیەکی ئەنجامدراو لە کاتی پیادەکردنی یاساو پێڕەوو ڕێنماییەکان و جێبەجێکردنی حوکم و بڕیارو ڕێوشوێنەکان و بۆی هەیە داوای گرتنەبەری ئەو ڕێکارانە بکات کەوا دوورکەوتنەوە لە پێشێلکردن یان سەرپێچیکردنی یاسا مسۆگەر دەکات.

5- داواکردنی لێبوردن لە حوکمدراوان یان ڕاگرتنی ڕێکارەکان یان کەمکردنەوەی سزاکانیان و داواکردنی گۆڕینەوەی سزای لەسێدارەدان لە سەرۆکی هەرێم لە کاتی پێویستیدا.

6- تانەلێدان بۆ بەرژەوەندی یاسا ئەگەر بۆی ڕۆن بۆوە کەوا پێشێلکردنێکی یاسا لە هەر حوکم یان بڕیارێکی دەرکراو لە هەر دادگایەك یان لیژنەیەك یان دەستەیەك یان ئەنجومەنێك یان فەرمانگەیەك ڕووی داوە یان لەوانەیە زیان بەبەرژەوەندی هەرێم یان مایەکانی بگەیەنێت یان سەرپێچی بکات لە سیستەمی گشتی یان مافە بنەڕەتییەکان یان ئازادییە گشتییەکان. یان هەر بڕیارێکی دەرکراو لە بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی چاودێریی ناکامان یان جێبەجێکاری داد لەوانەیە زیان بە بەرژەوەندی دەوڵەت یان ناکام یان مایەکانی هەر یەکێکیان بگەیەنێت یان سەرپێچی بکات لە سیستەمی گشتی، لەو کاتەدا سەرەرای بەسەرچوونی ماوەی یاسایی تانەلێدان لە حوکمەکە یان بڕیارەکە بۆ بەرژەوەندی یاسا بەم مەرجانە خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

أ- ئەگەر هیچ کام لە کەسانی پەیوەندار تانەی لێنەدابێت یان تانەلێکردنەکە لەرووی رواڵەتەوە رەتکرابێتەوە.

ب- ئەگەر ماوەی سێ ساڵ بەسەر وەرگرتنی حوکمەکە یان بڕیارەکە بۆ پلەی بنبڕی تێپەڕ نەبووبێت.

جـ- تانەلێدانەکە لەبەردەم دەستەی تانەلێدان بۆ بەرژەوەندی یاسا لە دادگای تەمییزەوە دەبێت کە لە سەرۆکی دادگا یان یەکێك لە جێگرەکانی و چوار ئەندام لە دادوەرانی دادگا گرێ دەدرێت، وە ئەگەر بۆی سەلمێنرا کەوا ئەو حوکمە یان بڕیارەی تانەی لێدراوە پێشێلکردنی یاسای تیادایە ئەو بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەدات و دەعواکە بۆ دادگاکەی یان دەستەکەی یان لیژنەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ دەرکردنی حوکم یان بڕیارێکی نوێ کەوا ڕاستەوخۆ بۆ دادگای تەمییزی ڕەوانە دەکاتەوە، وە ئەگەر بۆی دەرکەوت کەوا لە بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی ناکامان یان جێبەجێکاری داد یان دەستە یان لیژنەی تانەلێدراو پێشێلکردنی یاسا هەیە، ئەوا دەستە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەدات و مامەڵەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ فەرمانگەکە بۆ دەرکردنی بڕیارێکی نوێ کە ڕاستەوخۆ بۆ دادگای تەمییزی ڕەوانە دەکاتەوەو دەستە دەڕوانێتە بڕیار یان حوکمە نوێیەکەو بڕیارەکەی پێویست دەبێت کەوا پەیڕەو بکرێت.

7- کاندیدکردنی دادوەرانی داواکاری گشتی لە پۆلینکراوی یەکەم یان دووەم بۆ دامەزراندنیان وەك داواکاری گشتیی تەمییزی بەگوێرەی پێشکەوتوویی و کارامەیی و خستنەڕووی ناوەکانیان لەبەردەم ئەنجومەنی داواکاری گشتییەوە.

8- کاندیدکردنی دادوەرانی داواکاری گشتی، کە بەلای کەم، لە پۆلینکراوی سێیەم کەمتر نەبن بۆ سەرپەرشتیکردنی فەرمانگەکانی داواکاری گشتیی چاودێرییکردنی چاکسازی گەوران و ئافرەتان و نەوجەوانان و راگیرخانەو تەسفیراتەکان و خستنەرووی ناوەکانیان لەبەردەم ئەنجومەنی داواکاری گشتییەوە.

9- پێکهێنانی دەستەیەک یان زیاتر بۆ پیادەکردنی هەندێك لە دەسەلاتەکانی.

10- ناردنی راپۆرتێکی گشتی سالانەی گشتی بۆ لایەنە پەیوەندارەکان دەربارەی رێرەوی کارەکان لە دەزگای داواکاری گشتی و ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەمی لەگەل پێشنیارو راسپاردەکانی بۆ لابردنی تەگەرەکان و دوورخستنەوەی ئاستەنگەکان، بەو شێوەیەی هێنانەکایەی ئامانجەکانی دەزگای داواکاری گشتی دەستەبەر دەکات.

11- بەرزکردنەوەی راپۆرتی نهێنی سالانە بۆ ئەنجومەنی داواکاری گشتی دەربارەی رەفتارو کارامەیی دادوەرانی داواکاری گشتی.

12- پێراسپاردنی سەرۆکەکانی داواکاری گشتی لە ناوچەکانی تێهەلچوونەوە بەهەندێك لە دەسەلاتەکانی.

**دووەم: دەسەلاتەکانی جێگری سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێم:**

**ماددەی ( 27 ):**

جێگری سەرۆکی داواکاری گشتی ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

1- سەرۆکایەتیکردنی داواکاری گشتی و پیادەکردنی دەسەلاتەکانی سەرۆك لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا.

2- پشکنینی فەرمانگەکانی داواکاری گشتی، و پێشکەشکردنی راپۆرتی دەرئەنجامی پشکنینەکە بۆ سەرۆکی داواکاری گشتی.

3- نوێنەرایەتیکردنی داواکاری گشتی لەو تۆمەتانەی دەخرێنەپال دادوەران لەبەردەم لیژنەی کاروباری دادوەران و سەرۆکایەتی لیژنەی کاروباری دادوەرانی داواکاری گشتی.

4- سەرۆکایەتیکردنی دەستەیەك یان زیاتری ئەو دەستانەی پسپۆرن لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لە هەرێمدا.

5- ئەنجامدانی ئەو کارو ئەرکانەی سەرۆکی داواکاری گشتی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێی رادەسپێرێت.

**سێیەم: دەسەلاتەکانی داواکاری گشتیی تەمییزی لەبەردەم دادگای تەمییزدا:**

**ماددەی ( 28 ):**

داواکاری گشتی تەمییزی لەبەردەم دادگای تەمییزدا پیادەکردنی ئەم دەسەلاتانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

1- تانەلێدان بە تەمییز لە حوکم و بریارەکان لە لای دادگای تەمییز چ کاتێك بە پێویستی بزانێت.

2- ووردبینیکردنی ئەو دەعوایانەی کەوا داواکاری گشتی مافی هەیە تانەیان لێبدات کە لە لایەن تۆمەتبار یان سکالاکار یان داواکاری مەدەنی یان بەرپرسی مەدەنی تەمییز دەکرێنەوە جگە لەو دەعوایانەی ملکەچن بۆ تانەلێدانی راستەوخۆ.

3- رادەربڕین دەربارەی ناڕەزاییەکان و تانەکانی پێشکەشکراو لە لایەن فەرمانگەکانی هەرێم و سەندیکاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و یەکێتییەکان لەبەردەم دادگای تەمییزدا.

4- رادەربڕین دەربارەی ئەو حوکمانەی لە دادگاکانی باری کەسێتی دەردەکرێن لەو دەعوایانەی باری کەسێتی ملکەچ بۆ تانەلێدانی راستەوخۆ لەبەردەم دادگای تەمییزدا کە لە ماددەی (309)ی یاسای دادبینییە مەدەنییەکانی بەرکاردا هاتووە، و ئەو تانانەی لە لایەن لایەنەکانی دەعوا لە دەعواکانی باری کەسێتی هاتوو لە ماددەی (11)ی ئەم یاسایەدا پێشکەش کراون.

5- رادەربڕین دەربارەی ئەو تانانەی هاتوون لەسەر حوکمەکانی دادگاکانی بەرایی لەو دەعوایانەی هەرێم لایەنە تیایاندا یان پەیوەستە بە مایەو بەرژەوەندییەکانی ناکام و شوێن بزرو نادیارو حجر لەسەرکراون و کۆرپەلە.

**چوارەم: دەسەلاتەکانی سەرۆکی داواکاری گشتی لە ناوچەی تێهەڵچوونەوە:**

**ماددەی ( 29 ):**

سەرۆکی داواکاری گشتیی لە ناوچەی تێهەڵچوونەوە پیادەکردنی ئەم دەسەلاتانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت، و لەمەشدا ژمارەیەکی شیاو لە جێگرو داواکاری گشتیی تێهەڵچوونەوە یارمەتی دەدەن:

1- سەرپەرشتیکردنی گشت دادوەرەکانی داواکاری گشتی کە سەر بەون لەنێو ناوچەی تێهەڵچوونەوەداو دابەشکردنی کارەکان لە نێوانیانداو ئاراستەکردنیان بۆ چاك بەڕێوەبردنی کارەکان و چاودێریکردنی دروستی هەڵسانیان بە ئەرکە یاسایی و وەزیفیەکانیان بەبێ دەستێوەردان لە ئەرکە دادگێرییەکانیان.

2- بەرزکردنەوەی راپۆرتی نهێنی سالانە دەربارەی رەفتارو کارامەیی دادوەرانی داواکاری گشتی بۆ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی.

3- داواکردن لە سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێم کەوا دادوەری داواکاری گشتی بۆ لیژنەی کاروباری دادوەرانی داواکاری گشتی رەوانە بکات.

4- أ- سەرپەرشتیکردنی کارەکانی لێکۆڵەرەکان لەکاتی ئەنجامدانی بۆ لێکۆڵینەوەو بۆی هەیە ئەوەی لە نێوانیاندا سەرپێچی ئەرکە یاساییەکانی دەکات ئاگادار بکاتەوەو رێکاری بەرزەفتەیی و سزاکاریی دەرهەقیان بگرێتەبەر.

ب- سەرپەرشتیکردنی کارەکانی ئەندامانی بەرزەفتەیی دادگەریی و بۆی هەیە ئەوەی لە نێوانیاندا سەرپێچی ئەرکە یاساییەکانی دەکات ئاگادار بکاتەوەو ڕێکاری سزاکاریی دەرهەقیان بگرێتەبەرو هەروەها داوا بکات کەوا رێکاری بەرزەفتەیی دەرهەقیان لە لایەن مەرجەعەکانیانەوە بگیرێتەبەر.

5- کاندیدکردنی دادوەرانی داواکاری گشتی بۆ دامەزراندنیان وەك داواکاری گشتیی تێهەڵچوونەوە بەگوێرەی پێشکەوتوویان و خستنەڕووی ناوەکانیان لەبەردەم ئەنجومەنی داواکاری گشتییدا بۆ دامەزراندنیان.

6- پیادەکردنی ئەرکەکانی داواکاری گشتی و دادوەرانی داواکاری گشتی لە ناوچەی تایبەتمەندی خۆیدا.

7- پێشنیارکردنی پێکهێنانی دەستەیەك یان زیاتر بەسەرۆکایەتی خۆی یان سەرۆکایەتی یەکێك لە جێگرەکانی بۆ ئامادەبوون لەبەردەم دادگاکانی تێهەڵچوونەوە بەسیفەتی رەسەن لەو کێسانەی هەرێم لایەنە تیایاندا یان لەوەی پەیوەستە بە مایەکانی هەرێم و بەرژەوەندییەکانی و لەوەی پەیوەستە بە مایەکانی ناکام و شوێن بزرو نادیارو حجر لەسەرکراوو کۆرپەلەو بەرژەوەندییەکانیان و خستنەڕووی لەبەردەم ئەنجومەندا بۆ دەسنیشانکردنیان. دەستەی ناوبراویش بۆی هەیە رادەربڕێت و لائیحەو داواکاری پێشکەشی دادگا بکات و رێگەکانی تانەلێدان لە بڕیاری حکومی تێهەڵچوونەوە بە تەمییزکردن لە لای دەستەی مەدەنی دادگای تەمییزەوە بگرێتەبەر.

8- رادەربڕین دەربارەی ئەو تانانەی لە لایەن لایەنەکانی دەعوا پێشکەشی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی تەمییزی کروان لە دەعواکانی کەتن و سەرپێچی یەکلاکراوە لە لایەن دادگاکانی کەتن و دەعواکانی کەتن و سەرپێچی یەکلاکراوە لە لایەن دادگاکانی نەوجەوانان و پێشکەشکردنی لائیحەو خوێندنەوەکانی بۆی بەدواداچوونیان.

9- نوێنەرایەتیکردنی داواکاری گشتی لە ئەنجومەنی تێهەڵچوونەوە لە ناوچەی تێهەڵچوونەوە و روون کردنەوەی ئاستەنگەکانی کاری دادگەریی و پێشکەشکردنی پێشنیارەکان بۆی بۆ پەرەپێدانی کاری دادگاکان و خێرایی یەکلاکردنەوەی کێسەکان یان یەکێك لە جێگرەکانی یان یەکێك لە داواکارە گشتییەکانی تێهەڵچوونەوە بۆ هەڵسان بەم کارە رابسپێرێت.

10- پێشنیارکردنی پێکهێنانی دەستەیەك یان زیاتر بۆ نوێنەرایەتیکردنی داواکاری گشتی لەبەردەم دادگای تاوانکاریی و خستنەڕووی ناوی سەرۆکەکان و ئەندامەکانی لەبەردەم ئەنجومەندا بۆ دەسنیشانکردنیان.

11- پێکهێنانی دەستەیەك یان زیاتر بۆ تێڕوانین لە بڕیاری یەکلاکەرەوە بۆ دادوەرانی داواکاری گشتی تایبەتمەند بە لێکۆڵینەوەو سەرۆکایەتیکردنی یان راسپاردنی یەکێك لە جێگرەکانی بۆ سەرۆکایەتیکردنی.

12- هەڵسان بەو کارو ئەرکانەی کەوا سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێم بۆی دەنێرێت.

## دەروازەی چوارەم

## دامەزراندنی دادوەرانی داواکاری گشتی و ماف و ئیمتیازاتیان

## بەشی یەکەم

## دامەزراندنی دادوەرانی داواکاری گشتی

**ماددەی (30):**

**یەکەم:** لەدوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە مەرجە لەوەی لە پۆستی دادوەری داواکاری گشتی دادەمەزرێت کەوا دەرچووی پەیمانگەی دادگەریی بێت لە هەرێمدا.

**دووەم:** ئەنجومەنی داواکاری گشتی شوێنی کاری دادوەری داواکاری گشتی لەدوای دەرکردنی مەرسومی هەرێمیی بە دامەزراندنی دیاری دەکات.

**ماددەی ( 31 ):**

دادوەری داواکاری گشتی کارەکانی خۆی پیادە ناکات تەنها پاش ئەنجامدانی ئەم سوێندخواردنەی خوارەوە نەبێت:

(سوێند بەخودای مەزن کەوا ئەرکەکانی وەزیفەکەم بەچاکترین شێوە ئەنجام بدەم و بەحەق و بەدادپەروەری لە نێوان خەڵکیدا حوکم بدەم و یاساکان پیادە بکەم و بە ئەمانەت و بێ لایەنگیرییەوە چاودێریی مەشروعیەتیان بکەم).

د- دادوەرانی داواکاری گشتی ئەم سوێندە لەبەردەم سەرۆکی دەسەڵاتی دادگەرییەوە ئەنجام دەدەن و سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێمیش ئەم سوێندە لەبەردەم سەرۆکی هەرێمدا ئەنجام دەدات.

**ماددەی ( 32 ):**

**یەکەم:** سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێم و جێگرەکانی لە نێوان دادوەرانی داواکاری گشتی لە پۆلینکراوی یەکەم بۆ ماوەی چوار ساڵی شیاو بۆ یەکجار نوێکردنەوە دادەمەزرێن لە دوای دەسنیشانکردنیان لە لایەن دادوەرانی داواکاری گشتی بەزۆرینەی ڕێژەیی دەنگەکانیان و بەسەرپەرشتیکردنی ئەنجومەنی داواکاری گشتی بەو مەرجەی لەوانەبن کەوا لە وەزیفەکانی داواکاری گشتی بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت ڕاژەیان هەبێت و ئەنجومەن بەرزکردنەوەی ناوەکیان بۆ سەرۆکی دەسەڵاتی دادگەریی لە ئەستۆ دەگرێت بۆ خستنەبەردەمی سەرۆکی هەرێم بۆ دەرکردنی مەرسومی هەرێمیی بە دامەزراندنیان.

**دووەم:** سەرۆکی داواکاری گشتیی ناوچەی تێهەڵچوونەوەو جێگرەکانی لە نێوان دادوەرانی داواکاری گشتی لە ناوچەی تێهەڵچوونەوە بەو مەرجەی بەلای کەم لە پۆلینکراوی سێیەم بن بۆ ماوەی چوار ساڵی شیاو بۆ نوێکردنەوە دادەمەزرێن لە دوای دەسنیشانکردنیان لە لایەن دادوەرانی داواکاری گشتی لە ناوچەی تێهەڵچوونەوە بەزۆرینەی ڕێژەیی دەنگەکانیان و بەسەرپەرشتیکردنی ئەنجومەنی داواکاری گشتییەوە.

**سێیەم:** ئەنجومەن میکانیزمی دەسنیشانکردنی سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێم و جێگرەکان و سەرۆکی داواکاری گشتیی ناوچەی تێهەڵچوونەوەو جێگرەکانی بە ڕێنمایی دیاری دەکات کەوا ئەنجومەن دەری دەکات.

## بەشی دووەم

## ماف و پابەندییەکان

**ماددەی ( 33 ):**

1- پلەکانی دادوەرانی داواکاری گشتی چوار پلەن (أ – ب – جـ – د) و بە پلەی (د) دەست پێدەکات.

2- ئەنجومەنی داواکاری گشتی بڕیاری خۆی بە بەرزکردنەوەی دادوەری داواکاری گشتی لە ڕێکەوتی شایستەبوونیدا دەردەکات ئەگەر بۆی سەلمێنرا کەوا لێهاتووە بۆ بەرزکردنەوە ئەویش بەپێی حوکمەکانی یاسای دەسەڵاتی دادگەریی بەرکارەوە.

**ماددەی ( 34 ):**

1- پۆلینکراوەکانی دادوەرانی داواکاری گشتی چوار پۆلینکراون (یەکەم – دووەم – سێیەم – چوارەم) و بەپۆلینکراوی (چوارەم) دەست پێدەکات.

2- دادوەری داواکاری گشتی لە پۆلینکراوێك بۆ پۆلینکراوێکی دیکە بە بڕیاری ئەنجومەنی داواکاری گشتی لە ڕێکەوتی شایستەبوونیدا بەرز دەکرێتەوەو ڕێکارو حوکمی تایبەت بە پلەبەرزکردنەوەی دادوەران کە لە یاسای دەسەڵاتی دادگەریی بەرکاردا دەقیان لەسەرکراوە پەیڕەو دەکرێن.

**ماددەی ( 35 ):**

1- حوکمەکانی یاسای دەسەڵاتی دادگەری لەوەی پەیوەستە بە گواستنەوەو ناردن و مۆڵەتی ئاسایی و خوێندن و خانەنشینی و دەسلەکارکێشانەوە، بەسەر دادوەرانی داواکاری گشتیدا پیادە دەکرێن.

2- دادوەرانی داواکاری گشتی و دادوەرانی حوکمدان لە ماف و ئیمتیازات و لە گشت ئەو مووچەو دەرماڵەی وەریدەگرن، یەکسان دەبن.

3- دادوەری داواکاری گشتی بۆی هەیە یەك ساڵ لە ناوەوە یان دەرەوەی هەرێم خۆی تەرخان بکات بۆ پێشکەشکردنی لێتوێژینەوە یان توێژینەوەیەك لە بابەتێکی پەیوەست بە تایبەتمەندییەکانی داواکاری گشتی و تایبەتمەندییەکانی دادوەریی و دادگەریی لەسەر پێشنیاری سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێم و بڕیارێك لە ئەنجومەنی داواکاری گشتییەوە لەسەر داواکارییەك کەوا دادوەری داواکاری گشتی پێشکەشی دەکات تیایدا شوێنی خۆتەرخانکردن ئەو بابەتەی بەنیازە توێژینەوەی تیادا بکات یان لێتوێژینەوە دەربارەیەوە پێشکەش بکات دیاری دەکات بەپێی ڕێنمایی کەوا لە ئەنجومەنەوە دەردەکرێت.

**ماددەی ( 36 ):**

دادوەری داواکاری گشتی پابەند دەبێت بەوەی دادوەر پێیەوە پابەندە لەو ئەرکانەی لە یاسای دەسەڵاتی دادگەرییدا دەقیان لەسەر کراوە.

## بەشی سێیەم

## حوکمە گشتییەکان

**ماددەی ( 37 ):**

نابێت دادوەری داواکاری گشتی ڕاگیر بکرێت یان ڕێکار دژی بگیرێتەبەر جگە لە حاڵەتی ئەنجامدانی تاوانکارییەکی بینراو بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی داواکاری گشتییەوە.

**ماددەی ( 38 ):**

**یەکەم**: نەیاریکردنی (مخاصمە) دادوەرانی داواکاری گشتی و لاچوونیان (تنحی) و ڕەتکردنەوەیان ملکەچ دەبێت بۆ ئەو حوکمانەی لە یاسای دادبینییە مەدەنییەکانی بەرکار دەقیان لەسەرکراوە، و ئەوەی دادوەر لە دادگاکاندا پێی ڕەت دەکرێتەوە دادوەری داواکاری گشتیشی پێ ڕەت دەکرێتەوە، و داوای ڕەتکردنەوەی پێشکەشی سەرۆکی داواکاری گشتی لە ناوچەی تێهەڵچوونەوە دەکرێت بۆ تێڕوانین تیایدا.

**دووەم**: ئەگەر دادوەری داواکاری گشتی هۆیەکی ڕەتکردنەوە تیایدا هاتە کایەوە یان هەستی بەشلەژان کرد ئەوا پێویستە لەسەری داوای لاچوونی (تنحی) لە سەرۆکی داواکاری گشتی ناوچەی تێهەڵچوونەوە بکات، و ئەویش لەسەریتی کەوا بڕوانێتە داواکارییەکەی.

**ماددەی ( 39 ):**

1- دەکرێت دادوەرانی داواکاری گشتی بۆ دادگاو دەستە دادگەرییەکانی دیکە بگوازرێنەوە بۆ کارکردن تیایاندا وەك دادوەر، هەروەها گواستنەوەی دادوەران بۆ داواکاری گشتی بۆ ئەوەی وەك دادوەری داواکاری گشتی کاربکەن، ئەویش لەسەر داوای خۆیان پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی داواکاری گشتی و بڕیاری سەرۆکی دەسەڵاتی دادگەریی.

2- دادوەرانی داواکاری گشتی لەگەڵ دادوەرانی دادگاکان یەکسان دەبن لە وەرگرتنی پۆست و وەزیفە دادگەریی و کارگێڕییەکانی هاتوو لە یاسای دەسەڵاتی دادگەریی و یاساکانی دیکە بەپێی ئەو حوکمانەی تیایاندا هاتووە.

**ماددەی ( 40 ):**

**یەکەم**: دادگاکانی لێکۆڵینەوە کە بەپێی ماددەی (31)ی یاسای دەسەڵاتی دادگەریی هەرێم ژمارە (23)ی ساڵی 2007 پێکهێنراون، هەڵدەوەشێنەوە.

**دووەم**: لێکۆڵەرە دادوەرییەکان و فەرمانبەرانی دادگاکانی لێکۆڵینەوە بۆ میلاکی داواکاری گشتی دەگوازرێنەوە لەگەڵ پارێزگاری کردن لە ماف و ئیمتیازاتە وەزیفەییەکانیان و گشت مولکەکانی دادگا باسکراوەکان و دۆسیەکانیان دەبێتە هی داواکاری گشتی.

**سێیەم**: زاراوەی (دادوەری داواکاری گشتی) دێتە شوێنی (دادوەری لێکۆڵینەوە) و (فەرمانگەی لێکۆڵینەوە) و (دادگای لێکۆڵینەوە) لە هەر شوێنێکی یاسای بنەماکانی دادگایکردنە سزاکارییەکانی ژمارە (23)ی ساڵی 1971و هەموارکردنەکانی و یاساکانی دیکە هاتبن.

**ماددەی ( 41 ):**

بەڕێوەبەرایەتیەك بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دادگەریی) پێکدەهێنرێت کەوا لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە سەرۆکایەتی داواکاری گشتییەوە دەبێت بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بۆ هەڵسان بە ڕێکارەکانی بەدواگەڕان و لێکۆڵینەوە لە

تاوانەکان و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی لە لایەن داواکاری گشتییەوە دەردەکرێن، و کارەکانی بەڕێنمایی ڕێکدەخرێن کەوا ئەنجومەن دەری دەکات.

**ماددەی ( 42 ):**

**یەکەم**: لەو شتانەی لەم یاسایەدا دەقێکی تایبەتیان لەسەر نەهاتووە حوکمەکانی یاسای دەسەڵاتی داگەریی هەرێمی کوردستان ژمارە (23)ی ساڵی 2007 یان هەر یاسایەکی دیکە کەوا جێگەی دەگرێتەوەو یاسای ڕاژەی مەدەنی بەرکار پیادە دەکرێن.

**دووەم**: کارکردن بە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (159)ی ساڵی 1979 و هەموارکردنەکانی لە هەرێمدا رادەگیرێت.

**ماددەی ( 43 ):**

کار بەهیچ دەقێك یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی ( 44 ):**

پێویستە لەسەر لایەنە تایبەتمەندەکان و ئەنجومەنی دادگەریی و وەزیرە تایبەتمەندەکان، ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن. و لەدوای مانگێك لە بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا کاری پێ دەکرێت.

د. یوسف محمد

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

## (( **هۆیە پێویستکارەکان** ))

لەبەر تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ دەیە بەسەر دەرکردنی یاسای داواکاری گشتی ژمارە (159)ی ساڵی 1979دا، و بەمەبەستی کاراکردنی داواکاری گشتی بەشێوەیەك کەوا هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی لەهەرێمی کوردستان – عێراق هاتوونەتە کایەوەو پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی بەپێی یاسا وەك یەکێك لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی دادگەریی بەپێی دەستور، لە ڕێگەی پێکهێنانی ئەنجومەنێك بۆ داواکاری گشتی کەوا تایبەتمەند بێت لە تێڕوانینی گشت ئەو شتانەی پەیوەستن بە کاروباری دادوەرانی داواکاری گشتی و ماف و ئەرکەکانیان و لەپێناو یەکسانیکردنیان لەگەڵ دادوەرانی حوکمدا لە ماف و ئیمتیازاتەکانیاندا لەبەر ئەوەی یەکسان کراون لە کارامەیی و ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ لەئەستۆ گرتنی ئەرکەکانی یەکتری و لەپێناو پێدانی دەسەڵاتی پێویست بە دادوەرانی داواکاری گشتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەگشت شێوازەکانی و لەپێشەوەیاندا گەندەڵی کارگێڕی و دارایی و پاراستنی مایەی گشتی، و لەپێناو بەخشینی مافی بەرزکردنەوەی دەعوای مەدەنی بە داواکاری گشتی بۆ پاراستنی مایەی گشتی و خێزان و منداڵ، هەروەها مافی بەرزکردنەوەی هەردوو دەعوای دەستوری و کارگێڕی بۆ پاراستنی دەستورو مەشروعیەت، و وەك جەختکردنەوەیەك

لەسەر چاودێریکردنی پرنسیپی مەشروعیەت ئامادەبوونی داواکاری گشتی کراوەتە مەرج بۆ دروستی گرێدانی دانیشتنەکانی دادگاکان، و لەپێناو پێدانی دەسەلاتی لێکۆلینەوە لە تاوانەکان بە داواکاری گشتی ئەویش بە ئامانجی جیاکردنەوە لە نێوان هەردوو دەسەلاتی لێکۆلینەوەو حوکمدان بە مەبەستی دەستەبەرکردنی پرنسیپی دادپەروەری و بێ لایەنگیریی وەك پەیڕەوکردنێك بۆ ئەوەی لە زۆربەی ولاتانی جیهاندا کاری پێدەکرێت و بۆ چەسپاندنی پرنسیپی سەروەری یاسا، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.